## سـالیـادی "مـیــدیا" و چەند سـەرنجـێکی پێـویست

# وڵاتی بێڕەخنەگر، وڵاتێکی نادێمۆکراسییە!

جەمال نەبەز - ئەڵمانیا

لەگەڵ پێچدانی خولی وەرز و، شکانی بڕبڕەی پشتی سەرما و سۆڵەی بەفرینی زسـتـان و، گـەڕانەوەی سـەردەمی هەتاو و، گـوڵ و نەورۆز و بەهار، سـالیـادی «مـیـدیا»ش دێتە پێـشەوە. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە نووسەران و چاپکەران و خوێنەرەوەکـانی «مـیـدیا» دەکەم، بەتایبەتی لە هاوبیری خەباتکار و ڕۆشنبیـر و چالاک، ئاکۆ محەمەد، کە هەرچەندە میدیا لەپێشدا دوو هەفتەنامە و ئێستەش بووەتە هەفتەنامە و، هێشتا نەبووەتە ڕۆژنامە، تاکو هەموو ڕۆژێک هەواڵ و دەنگ و باس بە گەرموگوڕی پێشکێشبکا، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی «میدیا» بە گەلێک بابەتی باڵکێش بڕازێنێتەوە و، سەرەڕای ئەو سنوورەی کە لەلایەن کاربەدەستانی تەنگەتیلکەوە بۆ ڕاگەیاندن کێشراوە، توانیویەتی ئازایانە، پەنجەی ڕەخنە و گلەیی بخاتەسەر گەلێک لە کەموکورتییەکانی کۆمەڵگە و، هەڵوێستی نابەرپرسیارانەی کاربەدەستان بخاتەڕوو.

بێگومان لە وڵاتێکدا کە ڕەخنەگر نەبوو، یان ڕەخنەگر هەبوو، بەڵام بۆی نەبوو، یان نەیوێرا بیروڕای خۆی بە زمان، یان بە نووسین بخاتەڕوو، یان، زاتی ئەوەی کرد کە پێچەوانە بوەستێ و پەردە لە گەندەڵییـەکـان لابدا، بەڵام کـەوتە بەرگـێـژاوی لێپـرسینەوە و هەڕەشە و گوڕەشە و نانبڕین، یان مـەترسیی گـرتن و ئازاردان و کـوشتن، ئەوا لەو وڵاتەدا دێمۆکراسی بوونی نییـە، چۆنکە دێمۆکراسی بریـتییـە لەبوونی ڕەخنەگر لەدژی فـەرمـانڕەوا و، بوونی بواری گۆڕینی فـەرمـانڕەوا، لەڕێی هەڵبژاردنی ئازادەوە. ئەوجا، لەبەر ئەوەی داوودەزگەکانی ڕاگەیاندنی گشـتیی، وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ڕۆڵێکی بنچینەیی دەگێڕن لە درووستکردن و کارتێکردن و پەرەپێدانی بیروڕای گشـتیدا، دیارە، ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئازاد، دەبنە ئامانجی دەستوەشاندنی ڕژێمە نادێمۆکراسییە ملهۆڕەکان و، ئەو دەمە ڕۆژ دەبێتە ڕۆژی هەلپەرست و خۆبژێن و خـاوەنانی زمان و قەڵەمی بەکرێگیراو، دەزگـەکـانی ڕاگـەیاندنیش دەبنە گـۆڕەپانی بەشـان و باڵ هەڵدانی ئەم زۆردار و ئەو ملهۆڕ.

ئەگەر سەرنجێکی سەرپێی لەو داوودەزگە ڕاگەیەنەرانە بگرین، کە بە هی کورد دەدرێنە قـەڵەم، دەبینین هەمـــوویان بە پارەی کـــورد بەڕێوە دەچن، بەڵام هیچ کامێکیـان سەربەخۆ نین و، دەنگی ڕەخنەگری کورد ڕاناگەیەنن، بەڵکو هەر یەکەیان ڕێبـازی حـیـزبێـک، یان دەسـەڵاتێک دەنوێنێ و زۆربەی بەرنامـەکـانیـان کـات بەفیـڕۆدانە و پارە لە بەردانە. وەرن، هەر بۆ نموونە تەماشایەکی هەرسێ تەلەفزیۆنە کوردییەکە "کوردسات" و "کوردسـتـان تی ڤی" و "ڕۆژ" بکەن، کـە هەر یەکـەیان ئۆرگانی حیزبێکە و پڕۆپاگەندە هەر بۆ ئەو حـیـزبە دەکـا. خـۆ ئەگـەر جـار وبار، بەرنامـەیەکی زیندی دابنێن و، یەکـێک لە دەرەوەی بازنـەی حیـزب تەلەفـۆنێک بکا، ئەوا پێشکێشکەری بەرنامە، ئەگەر زانی، ئەو کـەسـە ڕەخنەگرە و قسـە لەڕووە، ئەوا دەفـەرمـوێ: "تەلەفـۆنەکـە پچـڕا!"، یان دەنگەکـە ناگـاتە گـوێگر. خـۆ ئەگـەر ئەو کـەسـەی نەناسی و، ئەو کـەسەش هێندەک شـتی گـوت، کـە بۆ حـیـزبی دەسـەڵاتدار قووتنەدرا، ئەوا دەفەرموێ: "کاکە کات نەمـاوە و زۆر سـوپاست دەکـەین" و یا ئەو حـەلە فـەرمـایشـتـەکـەی بە تەرسـەقـول پێـــدەبڕێت و، تەلەفـــۆنەکـــە بەڕوویدا دادەخاتەوە.

ڕاستـیـیـەکەی ئەوەیە، کـاربەدەسـتـانی حیـزبەکان نایانەوێ گوێیـان لە ڕەخنە بێ! چۆنکـە هەمـــوو جـــۆرە ڕەخنـەیەک بە دوژمنایەتی دەزانن، ئەمـە لە کـاتێکدا کـە هێندەک ڕەخنە هەن، لەدڵی پاکـژەوە دێنە دەرەوە و، پێڕەوکردنیـان بە سـووتی گـەل و ئەو حـیـــزبانە خـــۆشـیــــان تەواو دەبێ. کاربەدەستانی حیزبەکان، هەموو ڕەخنەیەک بە بوومەلەرزەیەک دەبینن کە جێی کورسییەکانیان شڵۆق دەکا. کاربەدەستانی حیزبەکان، خۆیان لە هەموو کەس بە زاناتر و، لە هەمـوو مـەیدانێکیـشـدا خـۆیان بە "لاشـوەسـتـــا" دەزانن. هۆی ئەمـــەش دەگـەڕێتـەوە بۆئەوەی کـە کـاربەدەسـتـــانی حیـزبەکـان، ڕاسـتـە هەمـوو سیاسـەتکارن، بەڵام سیـاسـەتزان نین. سیـاسـەتکاری و سـیــاسـەتزانی دوو شـتی زۆر جیــاوازن لەیەک! هەر کـــەســـێک پارەی هەبوو و، توانی ئۆتۆمـۆبیلێک بکڕێ، مـانای ئەوە نییە دەتوانێ ئۆتۆمۆبیلەکە بهاژوێ، بەڵکو دەبێ جارێ فێری هاژۆتن بێ و ببێتە هاژۆر (سائق). سیاسەتکاریش دەبێ خۆی فێری